# نمونەی ئیمانداران لە پەیوەندی وبەزەیی وسۆزیان بەرامبەر یەکتر ؛ وەکو نمونەی لاشەیەک وان

لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نمونەی ئیمانداران لە پەیوەندی وبەزەیی وسۆزیان بەرامبەر یەکتر ؛ وەکو نمونەی لاشەیەک وان، ئەگەر ئەندامێکی تووشی ئازار وناڕەحەتی بێت ؛ ئەوا سەرجەم ئەندامەکانی تریش کاردانەوەیان دەبێت (لەم ناڕەحەتی وئازارە ودەناڵێنن) بە شەونخونی و تا دایان دەگرێت».
[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە واجبە حاڵی مسوڵمانان لەگەڵ یەکتردا لەڕوانگەی ویستنی خێر وڕەحمەت ویارمەتی وسەرخستن، وئازار چەشتن بەهۆی ئەو زیانەی تووشیان بووە ؛ دەبێت وەکو یەك لاشە وابن، ئەگەر ئەندامێکی نەخۆش بێت، هەموو ئەندامەکانی تر کاردانەوەیان دەبێت بە شەونخونی وتا دایان دەگرێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4969